# هەولبدە چرایەک لە تارییکییدا هەڵبکەیت، نەگ جنێو بە تارییکیی بدەیت،

پۆلا سەعید

گەلی ئیرلەندیی دەڵێ: خودا ڕووخساری پێبەخشیویت، بەڵام خەندە ئەبێت خۆت بیخەیتە سەرڕووخسارت.

لەناو چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا، هەمیشە بەربەرەکانیی‌یەک هەیە، هەریەک لەم چین و توێژانە خاوەنی ئایدیۆلۆژیایەک و فەلسەفەیەکن کە باوەڕیان پێی هەیە و کردوویانەتە ڕابەری بەڕێوەبردنی ژیانی خۆیان. ئەمانەش بێگوومان دوور و نزیک کاریگەریتیی‌یان بۆ دەوروبەری خۆیان هەیە و خەڵکانێک ئەخەنە ژێر بۆچوونەکانی خۆیانەوە. لێرەدا چینی هۆشیار جا پابەند بێت بە هەر فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیایەکەوە بە بەردەوامیی لەگەڵ چینی کۆندا بەرەنگار دەبێتەوە، بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی هاووڵاتیی و ئازاد. ئازادیی بوونیەتێکی خۆرسکە و پابەندە بە دیاردە سروشتیی‌یەکانی بوونەوە. بەڵام دانانی یاساکانی ئازادیی دروستکراوی مرۆڤ خۆیەتی. مرۆڤی ئازاد ئەو کەسەیە کە نەچووبێتە ژێر کاریگەریتیی‌یە یاسا کۆمەڵایەتیی و ئایینیی‌یەکانەوە. مرۆڤی ئازاد دەبێت خولیا سروشتیی‌یەکانی لەدەست نەدات کە بوون پێیداوە. خولیا سروشتیی‌یەکانی مرۆڤیش خۆرسکن بەڵام خودی مرۆڤ خۆی لە پەنا دانانی یاسا کۆمەڵایەتیی و ئایینیی و دەوڵەتیی‌یەکانەوە ئەو خولیایانە زەوت دەکات لە تاک و کۆمەڵ. لێرەدا چینی کۆن بۆ سەرکوتکردنی خولیا خۆرسکیی‌یەکانی مرۆڤ پەنا دەباتە بەر یاسا کۆمەڵایەتیی و ئایینیی‌یەکان بۆ مراندنی ئەندێشەکانی ئازادیی تاک و کۆمەڵ. بیروباوەڕی کۆنەپەرستیی ئەنگوستیلەیەک نییە تەنها لە پەنجەی خەڵکانی ئایینیی فوندامێنتاڵیست و فەناتیکەکاندا بیبینین. لەناو چینی نووسەران و هۆزانڤانیشدا بە مەخابوونەوە چەندین جار ئەم کۆنەپارێزیی‌یە وەدەردەکەوێت، ئەو خەڵکانەش لە قوڵایی باوەڕیاندا هێشتا دیلن، دیلی فاکتەرە ئایینیی و یاسا کۆمەڵایەتیی‌یەکانن، هەرچەندە بە ڕواڵەت بەرگی چینی نوێیان پۆشیوە. ئەم جۆرە نووسەرانەش کاتێک بەرەوڕووی ئازادیی تاک و ئازادیی ژن دەبنەوە، ئیدی هیچ سنورێک لە نێوانی خۆیان و لە نێوانی یاسا پۆخڵە کۆمەڵایەتیی و ئایینیی‌یەکاندا ناهێڵنەوە. ئەمانیش هەمانشێوە وەک یاسای ڕێژەی نەگۆڕ ناتوانن تۆڵەڕانت لەگەڵ هەڵسوکەوتی ئازادیی تاک و ژن دا بکەن. ناتوانن ئەکسێپتی خولیا سروشتیی‌یە خۆڕسکەکانی مرۆڤ بکەن. لەم مامەڵە فەلسەفیی‌یەدا وەڵامی ئەم چینە تەنها تفەنگی جوێنە کە دەینێن بە تارییکیی‌یەوە. بەتایبەت لەنێو کۆمەڵگای کوردیی دا، کە هەتاوەکوو ئێستاش لەژێر کاریگەریتیی‌یە ئایینیی و یاسا کۆمەڵایەتیی‌یەکانداین، چینی نووسەری لە ناخدا کۆن، هەڵکەوتی جوگرافیی و نەتەوەییی و چەرخ و داب و نەریت دەکەنە پاساوی ڕەفتارەکانیان. بۆ سەرلێشێواندنی خەڵکیش دیسانەوە جنێو بە چەرخی تاریکیی دەدەن لەبری ئەوەی یەکەمین هەنگاو لە خۆیانەوە دەست پێبکەن و چرایەک لە تارییکیی‌دا هەڵگیرسێنن. کارێکی پێویستە مرۆڤ هەولبدات ڕووداوەکانی کۆمەڵ بە توێژینەوەیەکی دەروونیی‌یانە لێکبداتەوە و هەڵیانبسەنگێنێت. "ئاوگوست کۆنت" وەک زانایەکی

www.kurdistanet.org

کۆمەڵایەتیی بۆ یەکەمین جار سوودی لە زانستی کۆمەڵناسیی وەرگرتووە. سوود وەرگرتنیش لەم زانستەدا دەرخستنی ئەو ڕێبازە ڕاستییانەیە کە زانستی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵ پەیڕەویی بکات بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی نوێ. بۆ ئەوەی لەنێو کۆمەڵگادا زانستێکی نوێ بۆ خودی تاک و کۆمەڵ بێتە کایەوە. زاراوەی تاک زاراوەیەکی تازەیە بۆ یەکەمین جار "تایلۆفیلیی" لە پەرتووکی دیموکراسیی دا سوودی لێوەرگرتووە و بەکاری هێناوە. بەڵام بیروباوەڕی تاک بیروڕایەکی کۆنە. کۆمەڵ بە قوڵیی دژی ئەم زاراوەیە ئەوەستن، چونکە بیری تاک بە خۆپەرستیی لە قەڵەم ئەدەن و خولیا خۆڕسکە سروشتییەکانی بە کاری خراپ دەزانن. ئەو کەسانەشی هەڵگری ئەم ئایدیۆلۆژیایەن دەکەونە بەر سزای یاسا ئایینیی و کۆمەڵایەتییەکانەوە. چینی نوێخواز دەبێت "ئێمانوێل کانت" ئاسا ڕەخنە لە ناوەخنی هۆشیاریی ئەو جۆرە چین و نووسەرانە بگرێت کە بوونەتە ڕێگرێک لەبەردەمی گۆڕانی کۆمەڵ و ئازادیی تاکە کەسدا. بە قووتکردنەوەی سێ پرسیاری کانتانەی میتافیزیکیی لە " خوا و ئازادیی و نەمریی" لەلای هۆشیاریی ئەو خەڵکانە، کە ناسینەوەی هۆشیارییەکەیان ناگاتە پایەکانی ناسینەوەی ئەو سێ بوونیەتە، چونکە ئەم سێ بوونیەتە لە دەرەوەی ئەزموونە ئۆبجێکتیفەکانن کە هۆشیاریی ئەم جۆرە کەسانە دیوارەکانیان ناشکێنێن. کەواتە هەموو ئەو دیوار و سنوورانەشی کە لەلایەن مرۆڤەوە بۆ ژیانی کۆمەڵگا دانراوە، دەبێت هەر بە خەبات و تێکۆشانی هۆشیاریی مرۆڤ خۆی تێکبشکێنرێت و سەرلەنوێ ئازادیی تاک بە خۆڕسکە سروشتییەکەوە بدرێت بە خودی تاک و کۆمەڵ. ئەمەش لە پێناوی هەڵکردنی چرایەک لە تارییکیی دا.

01.04.04

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET